
# چوار کتێب لەبارەی ئەدەبی منداڵان




ئەدەب هونەری منداڵان




دیداری ئەدەبی منداڵان




ئەدەب و چیرۆکی منداڵان




ڕۆشنبیریی منداڵان

# چوار کتێب لەبارەی ئەدەبی منداڵان

**ڕۆستەم خامۆش**

زۆرجار ئێمەی نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان، گلەیی ئەوە دەکەین و دەڵێین: کتێبمان لەبارەی ئەدەبی منداڵان لەبەر دەستدا نییە، یان وەک پێویست گرنگیی بەو بابەتە نەدراوە، چونکە نووسین و چاوپێکەوتن و لێدوان و دید و بۆچوون لەبارەی ئەدەبی منداڵان، دەبێتە ڕێنیشاندەرێکی باش بۆ (چۆن و چی)نووسین بۆ منداڵان، ئەگەر ئەدەبی منداڵانی کورد، تا ئێستا وەک پێویست بەرەوپێش نەچووبێ، یەکێ لە هۆکارەکان نەبوونی سەرچاوەیەکی باش و ئەکادیمییە. وە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش کەمتر باس و توێژینەوە و ڕەخنە لەو بارەوە دەکەونە پێش چاو، ئێمە ناڵێین هەر نییە، بەڵکو دەڵێین وەک پێویست نییە و کەمە، هەر چەندە جێی پێزانین و دەستخۆشییە کە لە ساڵانی ڕابردوودا هەندێ کتێب لەو بارەوە چاپ و بڵاو کرانەوە، وەلێ نەیان نەیاتنوانی داخوازیی و خواستی نووسەرانی ئەدەبی منداڵان پڕ بکەنەوە، بەڵام خۆشبەختانە لە ساڵی (٢٠٢٢)دا، چوار کتێب لەبارەی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیریی منداڵان چاپ و بڵاو کرانەوە.
بۆیە دەمەوێ بە کورتی و پوختی، باسی ئەم چوار کتێبە بکەم و بیانناسێنم بە خوێنەرانی ئازیز، کتێبەکانیش ئەمانەن:

**١- ئەدەب و هونەری منداڵان: د. هاوژین سڵیوە و ڕۆستەم خامۆش**
**٢- ئەدەب و چیرۆکی منداڵان: د. کەیفی ئەحمەد**
**٣- دیداری ئەدەبی منداڵان: کۆمەڵێک نووسەر**
**٤- ڕۆشنبیریی منداڵان: ڕەزا شوان**

## یەکەم: ئەدەب و هونەری منداڵان

ناوی کتێب: (ئەدەب و هونەری منداڵان).
بابەت: چاوپێکەوتن لەبارەی ئەدەب و هونەری منداڵان.
دیمانە و ئامادەکردنی: د. هاوژین سڵیوە و ڕۆستەم خامۆش.
نەخشەسازیی بەرگ: برەو شێخ تاڵب.
سەرپەرشتیاری هونەری و چاپ: شێخ تاڵب.
سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، بە تیراژی (٥٠٠)دانە چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. کتێبی **(ئەدەب و هونەری منداڵان)**لە دوو تووێی (٥٥٢)لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکە هەموو بوارەکانی تایبەت بە منداڵانی لە خۆگرتووە، لەوانە: (ڕۆڵی فۆلکلۆر لە ئەدەبی منداڵاندا، لەبارەی ئەدەبی منداڵان، لەبارەی شیعری منداڵان، لەبارەی چیرۆکی منداڵان، لەبارەی شیعر و چیرۆکی مێرمنداڵان، دەقی شانۆ و شانۆی منداڵان، نووسین بۆ منداڵانی باخچە، نیگارکێشانی منداڵان، کاریکاتێری منداڵان، مۆزیک و گۆرانی منداڵان، ئەفلام کارتۆنی منداڵان، ڕۆژنامەنووسی منداڵان، ڕۆژی جیهانیی کتێبی منداڵان،

لەبارەی کتێب و گۆڤاری منداڵان، وەرگێران لە پێشخستنی ئەدەبیاتی منداڵانی کورددا، لەبارەی بەرنامەی منداڵان لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا).
کتێبەکە لە پێشەکی و ناساندنی کتێبەکە و لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە: بەشی یەکەمی پێکهاتووە لە (١٦)تەوەر، بەشی دووەمی کتێبەکە (٣٦)دیمانەی لە خۆگرتووە، ئەم بەشە زۆربەی بوارەکانی تایبەت بە منداڵانی لە خۆگرتووە و زۆربەی بابەتەکانی لەبارەی ئەدەب و هونەری منداڵانە. هەروەها (٩٠)کەسی شارەزا و شاعیر و نووسەر بەشدارییان لەم کتێبەدا کردووە، کە (١١١)لێدوان و چاوپێکەوتن لەم کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە.
لەو (٩٠)کەسەی کە بەشدارن (١٠)کەسیان ژنن.
زۆربەی بەشداربوانی کتێبەکە، دانیشتووی باشووری کوردستانن، وە (٦)کەسیان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، هەروەها (١١)شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانی دەرەوەی وڵات، کە نیشتەجێن لە وڵاتانی (ئەمریکا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ئایرلەندا، ئیتاڵیا، سوید، نەرویج)بەشدارن.

## دووەم: ئەدەب و چیرۆکی منداڵان

کتێبی (ئەدەب و چیرۆکی منداڵان)لە نووسینی: "د. کەیفی ئەحمەد"ە، کە (١٩٠)لاپەڕەیە و بە تیراژی (٥٠٠)دانە لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر، چاپکراوە، ئەم کتێبە لەلایەن ئەکادیمیای کوردی، بە ژمارە (٤٤٧)بڵاوکراوەتەوە، لە پێشەکی و پێنج بەش پێکهاتووە، کە بەم شێوەیە:
بەشی یەکەم: (ئەدەب و ئەدەبی منداڵان، ئەدەب، گرنگترین ڕەگەزەکانی ئەدەب، ئەدەبی منداڵان و ئەدەبی گەوران، ئەدەبی منداڵان، چۆن بۆ منداڵان بنووسین؟، کورتەیەکی مێژوویی ئەدەبی منداڵان، سیماکانی ئەدەبی منداڵان، قۆناغەکانی گەشەی منداڵ، کاریگەری ئەدەب لەسەر کەسێتی منداڵ، هۆکارەکانی خوێندنی ئەدەبی منداڵان، ئامانجی ئەدەبی منداڵان، ئەرکی ئەدەبی منداڵان، گرنگی ئەدەبی منداڵان).
بەشی دووەم: (چیرۆکی منداڵان، بنەمای هەڵبژاردن و دانانی چیرۆکی منداڵان، مەرجەکانی نووسینی چیرۆکی منداڵان، ڕەگەزەکانی بنیاتی هونەریی چیرۆک، جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان بەپێی ناوەڕۆکیان، جۆرەکانی چیرۆک لەڕووی ڕوخسارەوە، ئامانجە پەروەردەییەکانی چیرۆکی منداڵان، گرنگی خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵان).
بەشی سێیەم: (شیعری منداڵان، شیعری منداڵان و گەوران، سیماکانی شیعری منداڵان، ئامانجەکانی شیعری منداڵان).
بەشی چوارەم: (گۆرانی و سروودی منداڵان، جۆرەکانی سروود و گۆرانی، بابەتەکانی سروود و گۆرانی، سیماکانی گۆرانی منداڵان، ئەرکی گۆرانی منداڵان، مەرجە دەروونیی و پەروەردەییەکانی گۆرانی منداڵان، ئامانجی سروود و گۆرانی لەباخچەی ساوایاندا، ئامانجی سروود و گۆرانی منداڵان).
بەشی پێنجەم: (شانۆی منداڵان، شانۆ، شانۆی منداڵ، کاریگەری شانۆ لەسەر منداڵ، ڕوخساری شانۆی منداڵان، ئەرکی بنیاتنەرانەی شانۆی منداڵ، میکانیزمی

کارکردن لە شانۆی منداڵدا، دەرهێنان لە شانۆی منداڵاندا، ڕۆڵی منداڵ لە شانۆی منداڵاندا بەم شێوەیە جێبەجێ دەکرێت).

## سێیەم: دیداری ئەدەبی منداڵان

کتێبی (دیداری ئەدەبی منداڵان)چەند توێژینەوەیەکی ئەدەبیی و ڕەخنەیی، کەوتە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیز و کتێبخانەی کوردیی ڕۆشنکردەوە.
کتێبی (دیداری ئەدەبی منداڵان)، لە بڵاو کراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانییە، کە بەرهەمێکی هاوبەشی (١٠) نووسەری بواری ئەدەبی منداڵانە و بە تیراژی (٥٠٠)دانە لە دوو توێی (١٦٢) لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکرایەوە.
لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا هاتووە، کە ناوی توێژینەوە و نووسەرەکان، بەم شێوەیە دانراون.
١- چەند سەرنج و وردبوونەوەیەک لە مێژووی ئەدەبی منداڵانی کورد، ئەمین محەمەد.
٢- گرنگیی و بایەخی ئەدەبیاتی منداڵان و کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی گەلان، پەیام ئیبراهیم.
٣- گرنگیی نووسینی تەمەن لەسەر بەرگی کتێبی منداڵان، د. هاوژین سڵیوە.
٤- شیعر بۆ منداڵان نووسراو و شیعر دەرخکردن، محەمەد فەریق حەسەن.
٥- ڕۆڵ و بایەخی ڕەخنە لە ئەدەبی منداڵاندا، زیاد ڕەشاد قادر.
٦- بەراوردی ئاستی ئەدەبیاتی منداڵان و کاریگەریی لەسەر کەلتووری کۆمەڵایەتی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نەتەوەکان، د. ماجید خەلیل.
٧- ڕۆڵی ئەدەبی منداڵ لە کارامەییە کۆمەڵایەتیەکاندا، مەحمود عەبدولکەریم باجەڵان.
٨- ڕۆڵی نووسەری ژن لە ئەدەبیاتی منداڵانی کورددا، زارا ئەحمەد جاف.
٩- ڕۆڵی ڕاگەیاندن، لە ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی منداڵاندا، ڕۆستەم خامۆش.
١٠- چۆن منداڵ هۆگری خوێندنەوە بکەین؟ فەوزیە مەنمی.

## چوارەم: ڕۆشنبیریی منداڵان

ناوی کتێب: ڕۆشنبیریی منداڵان
ناوی نووسەر: ڕەزا شوان
نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
نۆبەتی چاپ: یەکەم، ساڵی: ٢٠٢٢
بە تیراژی (٥٠٠)دانە لە چاپخانەی کارۆ لە سلێمانی چاپکراوە.
ئەو کتێبە (٢٤٤)لاپەڕەیە، کە (٨٤)ناونیشان و بابەتی لەخۆگرتووە، لەبەر زۆریی ناونیشانەکان، تەنها ئاماژە بە چەند ناونیشانێک دەکەین، کە ئەمانەن:
(چەمک و پێناسەی ڕۆشنبیری، گرنگی و سوودەکانی ڕۆشنبیریی گشتی، ڕۆشنبیری ڕاستی کێیە؟، ڕۆشنبیریی منداڵان، چەمک و ڕۆشنبیریی منداڵان، گرنگترین ئامانجەکانی ڕۆشنبیریی منداڵان، سوودەکانی ڕۆشنبیریی منداڵان، هۆیەکانی دواکەوتنی ڕۆشنبیریی منداڵانی کوردستان، منداڵانی کورد و فرە

ڕۆشنبیریی لە هەندەران، سوودەکانی پەروەردەکردنی منداڵان بە فرە ڕۆشنبیری، گرنگترین هۆکارەکانی ڕۆشنبیریی منداڵان، کتێخانەی ماڵەوەی منداڵان، ڕۆژنامە وگۆڤاری منداڵان، ئەدەبی منداڵان، چیرۆکی منداڵان، شیعری منداڵان، پێگەی سروود لە ئەدەبی منداڵانی کورد، سوودەکانی گۆرانی بۆ منداڵان، شانۆی منداڵان، ڕۆژی جیهانی منداڵان، جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی منداڵان... هتد).

**کۆتایی:**

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین خوێندنەوەی ئەو چوار کتێبە لەبارەی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیریی منداڵان، گرنگ و پێویستە بۆ ئەوانەی، کە لە دنیای منداڵان خزمەت دەکەن و دەیانەوێ باشتر کار بکەن، چونکە ئەو چوار کتێبە بریتین لە: (١١٤٨)لاپەڕە، بۆیە لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو چوار کتێبەدا، لایەنی ڕۆشنبیریی و زانیارییت زیاتر دەبێ لەبارەی جیهانە ڕەنگین و جوانەکەی منداڵان.